# دورهام
## پۆلیسی سەرپەرشت
## بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو



### میکانیزمەکانی ڕاپۆرتکردن:

**پەیوەندی بکە بە 999**
ئەمە بۆ حاڵەتی فریاگوزاریە / ئیمێرجنسیە
ئەگەر شتێک بەردەوام بێت، یان کەسێک
مەترسی زیانێکی دەستبەجێی لەسەر بێت.

**پەیوەندی بکە بە 101**
بۆ ڕاپۆرتکردنی تاوانێک کە ڕوویداوە.
کە بەردەوام نییە و کەس مەترسی
زیانێکی دەستبەجێی لەسەر نییە.

**ڕاپۆرتی بکە / بیگەیەنە**
فۆڕمی ئۆنلاین بۆ ڕاپۆرتکردنی تاوانەکانی ڕق.
بە زیاتر لە *100* زمان بەردەستە و لینکی بە
هەموو هێزەکانی پۆلیسی بەریتانیاوە هەیە.
**www.report-it.org.uk**

DURHAM CONSTABULARY
101
IN AN EMERGENCY ALWAYS CALL 999

23-L05

### پەکپۆشی

**پۆشاکی چەقۆ نەبڕ...**
لەوانەیە قورس دەرکەوێت بەڵام بۆ پاراستنی ئەفسەرەکانە.

**بۆدیکام...**
(ئەو کامیرەیەی کەبەیەخەی کارمەندەکەوەیە) بۆ بەڵگە و پاراستنی هەردوولا؛ ئەفسەرەکە و ئەندامەکەی ناو کۆمەڵگایە.

**تەیزەر (تەزووی کارەبایی هەیە)، باتۆن (دار / عصا)، سپرای بیبەر...**
تەنها بۆ ڕێگریکردن لە زیان بەکاردەهێنرێت لەو شوێنانەی کە چارەسەری زارەکی / ووتوێژ شکستی هێناوە یان گونجاو نییە.

**کەلەپچە...**
بە مەبەستی ڕێگریکردن لە زیان بەکاردێت کاتێك کەسێک لەوانەیە لەژێر دەستگیرکردندا بێت.



تیمی پۆلیسی گەڕەکە ناوخۆییەکانتان پێکهاتووە لە ئەفسەرانی پشتیوانی کۆمەڵگەی پۆلیس (PCSOs) و پۆلیسی دیاریکراو بۆ ناوچەکە (PCs) ڕۆڵی PCSO **پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە ناوخۆییەکان و پۆلیسە** . PCs ڕۆڵێکی گرنگ لە سیستەمی دادوەری تاوانکاری لە هێڵی پێشەوە دەگێڕن لە ڕێگریکردن و دۆزینەوەی تاوان - **هەردووکیان لەوێدان بۆ یارمەتیدانت!**

ئەفسەرانی یەکخستنی کۆمەڵگا پشتگیری ڕاستەوخۆ پێشکەش بە قوربانیانی تاوانەکانی ڕق و کینە دەکەن و ڕێرەوێکی ڕاستەوخۆی پەیوەندین بۆ کۆمەڵگە هەمەچەشن و کەمینەکان لە دارلینگتۆن و ناوچەی دورهام.

ئەمەش گروپە ئاینییەکان و گروپەکانی LGBTQ+، و گروپەکانی کەمئەندامان، و ژمارەیەك لە ئەو گروپانەی کە پەیوەندیان بە ڕەگەز و پاشخانی نەتەوەی جیاوازی خەڵکەوە هەیە دەگرێتەوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە دەزانین هەندێک کەس زیاتر دەبنە قوربانی ئەم جۆرە تاوانانە کە ئێمە پێیان دەڵێین تاوانی ڕق و کینە.



تیمی یەکخستنی کۆمەڵگا تیمێکی بچووکە لەناو پۆلیسی دورهام کە کاری پۆلیسی چالاکانە ئەنجام دەدەن بۆ ڕێگریکردن لە تاوان بە پێچەوانەی کاری کاردانەوە بۆ وەڵامدانەوەی تاوانەکان. ئێمە لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان، بەشداری ڕووداوەکانی پۆلیس ناکەین یان لەناو شاردا ناگەڕێین بۆ دۆزینەوەی تاوان. ئێمە لێرەین بۆ پشتگیریکردنتان!

تیمی یەکخستنی کۆمەڵگا تیمێکی بچووکە لەناو پۆلیسی دورهام کە کاری پۆلیسی چالاکانە ئەنجام دەدەن بۆ ڕێگریکردن لە تاوان بە پێچەوانەی کاری کاردانەوە بۆ وەڵامدانەوەی تاوانەکان. ئێمە لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان یان بەشداری ڕووداوەکانی پۆلیس ناکەین یان لەناو شاردا ناگەڕێین بۆ دۆزینەوەی تاوان. ئێمە لێرەین بۆ پشتگیریکردنتان!

ئەمە پەیوەندی بە هەر کێشەیەکی پەیوەست بە پۆلیسکردنەوە هەیە کە تاوانەکانی ڕق و کینەش ناگرێتەوە. دەتوانین ڕێرەوێکی ڕاستەوخۆ بین لە نێوان قوربانیانی تاوانەکاندا بۆ تیمەکانی پۆلیس، کە لێکۆڵینەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکان دەکەن

## تاوانی ڕق:

تاوانی ڕق و کینە هەر تاوانێکی تاوانکارییە کە پاڵنەرەکەی دوژمنایەتی پێشوەختەیی بێت یان لەسەر بنەمای؛

- ڕەگەزی کەسێک
- ئایینی کەسێک
- ئاراستەی سێکسی کەسێک
- ناسنامەی ڕەگەزی کەسێک
- کەمئەندامی کەسێک

## بەها بەریتانیەکان:

لە ساڵی 2014 حکومەتی بەریتانیا پێنج بەهای بنەڕەتی دیاریکرد وە بە بەها یەکگرتووەکان ڕاگەیەندراون کە بنەڕەتین بۆ کۆمەڵگا و یەکخستنی بەریتانیا.

بەهاکان بۆ هاوسەنگکردنی ئازادی بیرکردنەوە و ڕادەربڕین و هەڵبژاردن لە کۆمەڵگەیەکی لیبراڵدا لەگەڵ پێویستی پاراستنی کۆمەڵگایەکی سەلامەت و ئاسایشدا داڕێژراون، ئەمەش لە هەوڵێکدا بۆ دروستکردنی یەکێتی کۆمەڵایەتی و ڕێگریکردن لە توندڕەوی.

- دیموکراسی
- سەروەری یاسا
- ئازادی تاکەکەسی
- ڕێزگرتنی یەکتر
- لێبوردەیی بەرامبەر بیروباوەڕی ئەوانی تر

## بەشداریکردنی پۆلیس، چاوەڕوانی چی بکەین:

ئەفسەرانی پۆلیس هەمیشە باج\ نیشانەی ناسنامەیان پێ یەکەناو و ژمارەی یەخەکەیانی لەسەرە. بەزۆری جلوبەرگی تەواوی پۆلیسیان پۆشیوە وێنەی خوارەوە ببینە بەڵام هەندێکجار پۆلیسی نهێنی جل و بەرگیان سادەیە هەمیشە نیشانەی ناسنامەکەیان لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن و بۆت ڕوون دەکەنە کە بۆچی قسەت لەگەڵ دەکەن.

دابین کردنی ئەم شتانەیاساییین
زانیاری کەسی وەک ناو\
بەرواری لەدایك بوون\
ناونیشان

تۆ مافی داوای ئەم کەسانەت هەیە
نوێنەری یاسایی / پارێزەر
کەسێکی پێگەشتووی گونجاو

